سەرۆك کۆمار ئامادەی قەداسکی جژنی قیامە بوو

سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید ئەمڕۆ یەکشەممە 31-3-2024 لە بەغداد ئامادەی قەداسکی تایبەت بە جژنی پیرۆزی قیامە بوو، کە کاتدرائیەی قەدیس یوسف ڕێکیخستبو.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك کۆمار ڕایگەیاند لەو ڕووسەمدا، سەرۆك کۆمار پیرۆزبایی جژنی قیامەی لە مەسیحییەکان کرد و ئومێدی ئاشتی و چاکە و خۆشویستی بۆ خواستن.

هەروەها سەرۆك کۆمار دوپاتیکردەوە، گەلی عێراق بەهۆی ڕژێمی تۆتالیتاری و تاقمی تیرۆریستی و تاوانبۆ، بۆ هەلومەرجی سەختدا تێپەڕیون. هەربۆیە داوای یەکگرتوویی نیشتمانی و یەکڵتی گەلی کرد لەسەر بنەمای بەهاکانی خۆشویستی و دادپەروەری و یەکسانی.